

گۆریان

## شانۆنامه

# زەنای ڕەش

تاك لە ساتێکدا کارابوونی لێدەسەنرێتەوە، لە ساتێکدا دەبێتە بارگەیەکی سفرو لە نێوان ئەوو بوندا شتێك نابینی پێی بوترێت مرۆڤ.ئیتر لەو کاتەوە قسە لەسەر (کەسایەتی) گوتەیەکی بێمانایە، بمبورن لێرەوە دەمەوێ بڵێم لە کۆمەڵگای ئێمەدا مادام تاکی کاریگەر بوونی نییە کەواتە دیاریکردنی هەر کەسایەتییەك شتێکی بێ مانا نەبێ هیچی تر ناگەیەنێ، دەمەوێ بڵێم دوای ئاشنابوون بەو مەعریفەیەی کە گومانمان لا دروست ئەکات لەبەرانبەر هەمووی ئەو رابردوەی کە بێجگە لە چارەڕەشی درۆێنەی هیچی ترمان نەکرد.. ئەو کات کەسایەتی لەدایك دەبێ چونکە لای من کەسایەتی ئەو کەسە نییە کە دەجولێتەوە، بەڵکو کەسایەتی لای من کارایی بوونە لە سەر ژیان.

سەرەتا مۆسیقایەكی ترسناك، تاریك.. پاشان تیشكێكی مۆر ئەدات لە تابلۆیەك كە چەندەها دەست لە دوا ساتەكانی ژیانیاندا دەستیان بەرزكردوەتەوە، چونكە زیندە بەچاڵ دەكرێن، لە نێو لەپی دەستەكاندا نۆتەكانی سرودی (خوایە وەتەن ئاوا كەیت) دەبیسرێت. لە یەكەم لەحزەی بینینی ئەو تابلۆیە دەنگی قیژەو هاوارو ناڵە لەگەڵ دەنگی شۆڤڵو زریپۆش ئاوێتە دەبن، پاشان دەڕواتە سەر پەنجەرەیەكی كراوە كە هەتا چاوبڕكات مەرگ و شەڕو وەیشومەیە... شەڕو وەیشومەیەك بەهەمیشەیی مرۆڤایەتی خوێنی رژاوە ولآتی داگیركراوە ئازادیەكانی كراوەتە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزان، بەهەمان رەنگ تیشكەكە ئەدات لەپەنجەرەیەكی دیكە كە ئەم پەنجەرەیان داخراوە، بەلآم لەودیو پەنجەرەكە تیشكێكی ئەرخەوانی مەدلولێكی تایبەتی هەیە، لەگەڵ تیشكەكە مۆسیقایەكی هێمنو خۆش دەبیسترێت. دواتر تیشكەكە ئەدات لە پەیژەیەك هەناسەیەكی قوڵ دەیەوێت پێیدا سەركەوێت، بۆ دواجار تیشكەكە ئەدات لە نەخشەیەكی هەڵواسراو كە لەگەڵیدا دەنگی زریانو هەورەبریسكەیە، پاشان تیشكە مۆرەكەو تیشكێكی سور ئاوێتە دەبن هەموو مۆسیقا لێدراوەكان لەسەر هەر یەكێك لە یەكەكانی شانۆ بەهارمۆنی لێدەوەرێت، لەیەك لەحزەدا ناڵەیەكی گەورە دێتو تیشكەكە دەچێتە سەر كەسی یەكەم كە لە شێوەی وەستانی منداڵ لە شێوەی رەحمیانەتی دایكیدا خۆی نواندوە، بەچەند جوڵەیەكی هێمن هەڵدەستێتەوە، هیچ نابینێت تەنها خۆی نەبێت، پاشان تیشك ئەدات لەیەكەكانی شانۆو ئیدی دەكەوێتە دنیای حەقیقی، لەگەڵ هەموو یەكەیەكیشدا مۆسیقا تایبەتەكانی جاری پێشوو لێدەرێت، تیشكەكە دێتەوە سەر خۆیو دەست دەگرێت بەگەرویەوە لەوە حاڵی دەبێت كە برسیەتی، بەچەند جوڵەیەكی تایبەت تێربوونی خۆی ئەدا دەكات، ئەمە سەرەتاترین هەڵەی مرۆڤ بوو كە بەدوای تێربووندا رۆیشت نەك غەریزەی زانین، بەواتایەكی تر یەكەم درككردنی مرۆڤ روگەیەكی مەعریفی نەبوو بەڵكو روگەیەكی شەهوانی بوو.

**كەسی دووەم:** (تیشكێكی مۆری ئاراستە دەبێت) ئەم زەمینەیە بۆنی رشانەوەی خۆراكێكە حەرام، بۆنی خوێنی مەیوو (دەچێتە پێشەوە سەیری پەنجەرە كراوەكە دەكات).

كەسی سێیەم: (لە ناو قەدی بەرەوژورتر لەودیوەوەیە مۆسیقایەكی ترسناك دەبیسترێ) تا چاو بڕكات خ–و–ێ–ن–ە–ك–ە.. مەیوبوو (دەچێتە سەر نەخشە هەڵواسراوەكە) پاش زریانێك.. زریانێكی بەرین بۆنی تەهارەت لەم خاكە دێت (ئەچێت بۆ لای تابلۆكە دەنگی سرودی خوایە وەتەن ئاواكەی دێت، كە هەست دەكەیت مرۆڤ گەلێك دەیڵێن لە نێوان ئەوانو ژیاندا تەنها ئاوابونی نیشتیمانمان ماوەو بەس، لەكاتی سەیركردندا دەست دەگەیەنێتە بەرزترین دەستیان وردە وردە لەگەڵ سرودەكەدا دێتە خوارەوەو ئاوازەكە نامێنێت ئەمیش بەوپەڕی هەراسانیەوە هەڵدەستێتەوە:.

جا ئیتر كام سایە
لاشەی ئەم هەموو شیعرە باڵشكاوەم
لەگەڵ ئەنێژێت
كام پیاو چاك لە تاریكستانی وەحشەتا
بەفریای ئەو هەموو چرا بێ چاوەوە دێت
كام تولە رێ
كاتی بەرد باران كردنمان
دێو لای دایكە قژ لولەكان پاكانە ئەكات!![1]

لەلای چەپی پەنجەرە داخراوەکەوەو لەسەری پەنجەرە داخراوەکەوە چوار منداڵی سپی پۆش بەسەمایەکی فریشتەییەوە ئەم شیعرە بەئاوازێکەوە دەڵێن:.

با ئاوەکە لیخن نەکەین
پێ دەچێ لەو خوارە کۆترێك ئاو بخواتەوە
یا لە بێشەیەکی دورا رەنگاڵەیەك پەڕی بشوات
یان لە ئاواییەکا گۆزەیەك پڕکرێ لەئاو
با ئاوەکە لیخن نەکەین
پێدەچێت ئەم ئاوە بچێتە قەدی سپی دارێ
تا دڵ بڕەوێتەوە
ئەشێ دەستی دەروێشێك نانێکی پێتەڕ کات[2]

**کەسی دووەم:** دیسانەوەی تیشك دەدات لە کەسی دووەم بەحاڵەتێکی رۆمانسی:.

بم بە بۆ ئەوێ ئەی بادی سەبا، با ئۆقرە بگرم (لەو کاتەدا دەستی بۆ پەنجەرە داخراوەکەو سەمایی منداڵەکان درێژ دەکات) بۆ ئەوەی هەناسە ببەخشم بەژیان، تا ببمە بارانێك زەویەکی وشك هەلآتوو پاراو بکەم. خودایا.... خودایا لە نێو ئەم ئافاتەدا سەرە داوی ئەم مەکۆیە ناکەوێتە دەستمان (روودەکاتە جەماوەر بۆ ئەوەی پرسیار لە جەماوەر بکات) خۆ دەشێ ژیان گۆڤەندێکی هەبێت؟ خۆ دەشێ مەرگ تەفسیرێ هەڵگرێ؟

**کەسی یەکەم:** چ غەریبم، تۆزی غوربەتو روخساری قێزەون کردوم (دەچێتە سەیری نەخشەکە) لەم موسافیر خانەیەدا ژورەکەم لە خۆم تەنهاتر، تا کەی لەودیو جوگرافیاوە بژیم؟ چەند خۆشە بۆ لەحزەیەکیش بێت هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشم، پاش بارانێك خۆمو کاریلەیەك لە قەوسیلەیەکدا وازی بکەین.

کەسی دووەم: بمنوسەوە لە سەر ئەو تاوێرە بمنوسەوە کە (مەولەوی) لە سەریدا شیعری دەنوسی، شیعرێك دەستو پەنجەیەکی لەرزۆکو سیروانێکی شین بیگەیەنێتە دەستم (سەیری دەستو پەنجەکانی دەکاتو بۆ ئارامی دڵیو هەراسانی لە هەموو گوزەر کردنەکانی رابردو پاڵدەداتەوەو بەسەر پەیژەکەدا رادەکشێت):.

هەرچیت دابو پێم یەك یەك دامەوە
حسابو نەشرت وا بەلامەوە....[3]

**کەسی سێیەم:** لە پەنجەرەکە سەر دەردەهێنێتو سیمایەکی ماندو بەوپەڕی ماندویەتییەوە بەپەرتی دەدوێت پڕاوپڕ هەست دەکەیت موسافیرێکەو گەڕاوەتەوە، سەیری یەکەکانی شانۆ دەکاتو دەگری، لە ناوەڕاستی شانۆدا بەچۆکا دێتو خەریکە ئەژنۆکانی بگاتە زەوی، کەسی دووەم راگیری دەکاتەوەی دەچێتە ژێر باری، ئەویش واتە کەسی سێیەم وەك ماندویەكو خاوەن ئەزموونێکی رابردو بەئاستەم:.

قیتارێکم دی فیقی ئەبردو چەند قورس دەڕۆشت
قیتارێکم دی سیاسەتی دەبردو چەند بەتاڵ دەڕۆشت[4]
پاشان بەوپەڕی چاوی بەزەیی سەیری بینەران دەکات:.

لەویٚ سنەوبەرەکان دوژمنی یەك بوون

هەموو داریٚ هەموو کەسیٚ سێبەری خۆی بەزەوی دەفرۆشت[5]

(سەیری ئاسمان دەکاتو رۆدەچێت):. بەلیٚ ئازیزان، بارانێك بوو عەجایب منالیان تیادا دەفرۆشت، ئافرەتیان تیادا دەفرۆشت، پێنوسیان تیادا ئەفرۆشت، بەلێن... شەهامەت... ولات.. پیرۆزیان تیادا دەفرۆشت، ئێستاش بۆنی باروت ئیشتهای گرتوم (دەستێکی لەرزۆك بەسەرو ریشیدا ئەهێنێتو بەگریانەوە سەیری لەپی دەستی دەکات).

دەستەکانم بەتالٚ چەند بێبەرهەم بوو باخەکەم.

**کەسی سێیەم:** (دەچێتە پێشەوەو بەتورەبونەوە) من تێناگەم لەم شەرانگێزیە؟

چیمان لەم شەرە بردووە (دەچێت بۆ لای کەسی سێیەم) شەر لە پێناوی چیدایە؟

**کەسی سێیەم:** نوسینەوەی مێژوو بیٚ شەر مەحالە، ئەوە ئەزموونی رابردوو، زۆر پێویستە شەر بکەین، پێویستە تالی بنۆشین بۆ ئەوەی شیرینی بەهای بێت لامان زۆر جار پێویستە شەر بکەین لە پێناو ئاشتیدا.

**کەسی چوارەم:** (کەسایەتیەکی تا بلێیت سادەو بازاری بینینی ناوی شتەکان بەکاری خۆی مازانێت، تەنها نازانێت لەحزەی بۆ هاتنی زمانی بەلاوە گرنگەو هیچی تر، (دەچێت بۆ لای کەسی سێیەم)، کار هەر بەو شێوەیە بووە، ژیان بیٚ شەر مەحالە، بەهەمیشەیی ئێستاو رابردوومان ئاوا بووەو تەمەنیشمان گوزەراندوە (دەچێتە تەنیشت نەخشە هەلواسراوەکەو بەدەم یاری پێکردنەوە):.

هەی لیٚ لیٚ یە، وەی لۆ لۆیە

لەکوردستان خۆشتر کوێیە[6]

**کەسی یەکەم:** (دەچێت بۆ لای کەسی چوارەم):.

ئەتۆش وەك من گیرۆدەی حالتە، بەتەنها یەك جیاوازیمان هەیە... بەتەنها یەك جیاوازی تۆ بەپێکهاتەی خۆتو منیش جۆری تر.

**کەسی چوارەم:** (لێی رادەمێنێتو بەشێوەیەکی ساکارو کۆمیدی) چۆن؟

**کەسی دووەم:** ئەتۆ دەتەوێت بلێیت پێویستە هەموومان نیشانەیەك بپێکین بۆ ئەو مەبەستە دەبێت گولەیەك بتەقێنیت هەروەك باپیرانمان تیرێکیان هاویشت.

**کەسی چوارەم:** (دیسانەوە ساکارانە) بەلیٚ... بەلیٚ... ئەی تۆ دەلێی چی.

**کەسی دووەم:** ئەمنیش دەلێم پێویستە بگەینە ئامانجەکانمان، دەستی خۆمان بەرین بۆ گولەکان نەك گولەیان ئاراستەبکەین نەبادا ژاکان ببێتە ئەمری واقع.

**کەسی چوارەم:** دەروات بۆ لای کەسی سێیەم هیچ حالی نابێت).

**کەسی دووەم:** چ حەسرەتە وولاتێکی بێدەروازەین (دەنگێکی ترسناك دێتو بەردەوام دەبێت تا دەگاتە لای نەخشە هەلواسراوەکە):.

دەوێنیٚ شەو لە خەوما دایکم بینی چەند جەندرمەیەك هاتنو هەریەکەیان جۆرێك جلوبەرگی لەبەردابوو، بەچاوی خۆم بینیم چارەکەیەکیان لەبەرداکەند کە سیٚ رەنگ بوو لە ناوەراستا پارچەیەکیان لێدراندو فرێیان دا، پاشان.. ئەی هاوار چ خەونێك بوو دایکمیان پارچە پارچە کردو بەمردوویی جێیان هێشت، دایکمیان بەجێهێشتو بیٚ ناز مایەوە، کاتێك رۆشتمە سەری هەموو شتێك لەدەست دەرچوبوو.

یادگاری چارەکەکەی هەر لەمنداڵیەوە ئالودەی بوو بووم، بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە بۆ پاراستنم لـەمێش و مەکـەز دەیدا بەسەرمدا، چـارەکەکەی دایکـم بـۆنی ڕەحمیانـەو سـۆزی لێـدەهات و تـا خـەوم لێدەکـەوت، هـەر بۆیـە ڕۆشـتم و چارەکەکەیم هەڵگرت لەو شوێنەی کـە دڕانـدبویان بـەرزم کـردەوەو خـۆرم بـینی... خۆرەکـە ڕۆشـتە چـاوم و ئیـدی وا هەستم دەکرد چارەکەکەی دایکم لە ئەزەلەوە خۆری تێدا بـووە، بۆیـە بەهاوەڵیـەتی خـۆر زۆر دڵـم خـۆش بـوو، دامـە قاقای پێکەنین (تۆزێك دەڕواتە پێشەوە) بەڵێ چارەکەکەی دایکم خۆری تیا بوو.

کەسی یەکەم: (دەڕوات بۆ لای پەنجەرە داخراوەکەو بەپەیژەکەدا دەیەوێت سەرکەوێت):.

بۆ کردنەوەی تۆ مەحاڵە؟ تۆ بلێیت ژیان حەقیقەتی ئەو کتێبانە بێت من ئەیانخوێنمەوە یان کائینێکـە سـەربەخۆ؟ (زیاتر دەڕواتە پێشەوە)– ئـــــا......ی چەند خۆشە ئێرە تەنانەت مەرگیش تیایدا کەوتنی گەڵایەکە بەسـەر خـاکێکی شێدارەوە.

کەسی سێیەم: (بەهەناسەیەکی ساردەوە دیسانەوە سەیرێکی پەنجەرەکە دەکات):.

چ خەتایەك بوو.... خەتایەکی گەورەبوو، هەر لە منداڵییەوە باوکم پشتی چەماندەوەو لەگەڵ هاوڕێکانما پێی وتن: وەرن ئەم یاریە خۆشە، سادەو ساکار بێ ماندوبوون (لەو کاتەدا پـشتی خـۆی دەچـەمێنێتەوە) ئاشـتی.... ئاشـتی... نەگەیشتی (بەو شێوەیە دەڕوات تا دەگاتە بەردەم تابلۆکەو چەندەها دەنگە ترسناك دێت بـەدەم گریانـە وزە دەڕوات بۆ لای نەخشەکەو روناکی نامێنێت.

(تیشکی تاریکی دەدات لەپەنجەرە کراوەکەو دەنگی بایەقوش دێت).

**کەسی سێیەم**: (بەقوڵایی پەنجەرەکەدا هاوار دەکات) چ مەنفایەکە ئێرە؟

هابیلیـان شـەهید کـردوو قابیلزادەکـان شـەڕیانە (بەگریانـەوە) ئێمـە ڕەچـەڵەکمان دەچـێتەوە سـەر پیـاو کوژێـك (دیسانەوە گریان) باهۆزی مرۆڤ کوانو لە کوێن؟ تۆڵەی هابیلم دەوێت!!!

**کەسی یەکەم**: (گریانەکەی پێدەبڕێت) بۆنی باروتە لێرە، بۆنی خوێنی حوسەینە، کەرنەڤاڵی مەرگو ئەتك کردنـە. لە( ..... ) بەچاوی خۆم ئەبینم لەوەرزی پێکەنیندا گەڵاکان ئەوەرێن.

کەسی سێیەم: بەسەر یەکەکانی شانۆدا دەگەڕێت بەدەم گریانەوە):

چەندە کزۆڵین کاتێك ئەگریت!

هەتیوەکان لە ئێمەوە فێری کزۆڵی بوون!

ئەڵێی چیای کرێوە گرتوین!

چەند مەحزونین خوایەگیان!

ئەڵێی کۆچەرێکی پەریوین!

چەند کرولین کاتێك دەناڵین!

ئەڵێی عەبدێکی پێست ڕەشین!

چەند هەژارین ئەی هاوار!

لە ئاواتا ڕەقینەبووین!

چەند پەشێوین چۆن ڕەنگی پایزمان گرت!؟

بێئەوەی لە (لوح المحفوظ)دا مردبین!

چەند گوناهین کاتێك ئەرزو ئاسمانمان لێدێتە یەك!

ئەڵێی ناخی پەپولەیەکی پڕ حەشمەتین!!

چ دەروازەیەك ئاچوخە!؟

چ هەناسەیەکی شەبەنگدار؟

کوانێ ڕۆحی پڕ پاکیزەیی؟

بەدەم گریانەوە هەر هەودایەتیو ئەگری، ئیدی ژیان هەمووی ئەگری، مەملەکەتی لەگریانە پێك دێت.

کورس: (بەئاوازەکەی جاری پێشوو هەمان شیعر دەڵێن).

با ئاوەکەلیخن نەکەین

پێدەچێت لەو خوارەوە کۆترێك ئاوبخواتەوە

یان لە پێشەیەکی دووردا رەنگاڵەیەك پەری بشوات

با ئاوەکە لیخن نەکەین

پێدەچێت ئەم ئاوە ئاوە زوڵاڵە بچێتە قەد سپیداری

ئەشێت دەستی دەروێشی نانێکی وشکی پێتەڕکا!! (7)

**کەسی چوارەم:** (دەچێت بۆ لای کەسی سێیەم دەیەوێت قسەیەکی لەگەڵ بکاتو نازانێ چی بڵێ خولقەتی کەسی ساکار وایە گەر بەڕووی شتێکدا رۆیشتو نەیزانی چۆن لەگەڵ گرفتەکەدا مامەڵە بکات جێی دەهێڵێت).

**کەسی دووەم:** (دەڕوات بۆ لای کەسی یەکەم کە لە تەنیشت تابلۆکە بەکزی دانیشتووە):

راستە هەموان نەوەی غەریزەکانی قابیلین، بۆیە شەڕ لە ناخمانا.. لە ماڵمانا، ئای... چ دەوارێکی رەشەو بەسەرماندا هەڵدراوە.

**کەسی یەکەم:** (دەچێت بۆ لای نەخشەکەو دەستی پێوە دەگرێت):

لێرە هاتینە بوون، ئیتر قەدەری ئێمەیە، قەدەرێك هەڵواسراو نە ئەوەتا مەسیح ئاسا بەرزبینەوە بۆ ئاسمان، نە ئەوەتا بێینەوە سەر زەوی سکونەتمان پێببەخشرێ، گێژەڵوکە هەر رۆژێك بەلایەکدا دەمان بات.

**کەسی چوارەم:** (بەشێوەیەکی کۆمیدی)، کەواتە نیشتمانی ئێمە جۆلانێیەکە.

**کەسی یەکەم:** ئەمن دەڵێم منو تۆ یەك قسەمان هەیە بۆ ژیان بەڵام تۆ بەبەرداشتنی خۆتو منیش بەهی خۆم (بەدەم ڕوچونەوە بەنەخشەکەدا خۆی هەڵدەواسێت) کە بەچوار جەمسەرەوە هەڵواسراوە، کە هەموو جەمسەرەکان تەنها لە هەڵواسینی ئێمەدا تەبان، تەبان بەدرێژایی مێژوو.

**کەسی چورەم:** (دەڕوات نەخشەکە دەجولێنێت بەو مانایەی بەزمانی حاڵی دەڵێت) هەر جۆلانکێیە.

**کەسی سێیەم:** (دەچێتە تەنیشت تابلۆکە):

دەروازەکانیان لە روو داخستین، لێرە مرۆڤایتیان کەڕو کوێرو کاس کرد، دروستکردنی سەرای مەحشەریان بەخۆیان رەوابینی مەغرورانە (أینا المفر) یان لێکردین.

**کەسی یەکەم:** هۆ حەکیمەکانی دنیا ئاشتی مەحاڵە هەر گەر بێتو سەرچاوەی ئاشوب نەگرین.. بەڵێ پێویستە سەرچاوەی ئاشوب بگرین.

**کەسی دووەم:** (بەمۆسیقایەکی هێمنەوە): لێمان گەڕێن با بچینە سایەی نەسیم چاوەکانمان پێببەخشنەوە چەکوشەکانی گوێمان بدەنەوە، ئەو کلیلانەی بەشفرەی بەرازەکاندا هەڵتان واسیوە بیدەنەوە دەستمان، ئێمە دەمانەوێت بەچاوی خۆمان ببینین، بەگوێچکەکانی خۆمان ببیستین، بەقاچەکانی خۆمان هەنگاو بنێین‌و بەمێشکی خۆمان بیرکەینەوە (ڕۆچۆن بەناخی خۆیدا) ئەتانەوێت بەدەروونی خۆمان ئیحساسمان هەبێت.

(هەموویان دەڕۆن پەنجەرە کراوەکە دادەخەن بەشێوەیەك ناوەوەی دیاربێت)

**کەسی چوارەم:** دەڕوات سەیری ئەو پەنجەرە دەکات کە پێکەوە دایان خست لە کاتی سەیرکردنەکەدا دەنگێکی ترسناك دێت):

چ دنیایەکی سەیر بوو چاوەکانم نەیتوانی ئەوسەری نەهامەتیەکان ببینیت.

(پاشان هەموویان پێکەوە دەڕۆن تا پەنجەرە داخراوەی جاران بکەنەوە، ئەم شیعرە پێکەوە دەڵێن):

لە رابردوودا فەزایەکی زیندوو نییە

لە رابردوودا بایەك هەڵ ناکات

لە رابردوودا پەنجەرەی سەوزی سنەوبەر داخراوە

لە رابردوودا گشت فرۆکەکان تۆزیان لێنیشتووە

لە رابردوودا شەکەتی مێژوو راکشاوە

لە رابردوودا یادەوەری شەپۆل، سەدەف ساردی بێدەنگی بەسەر کەناردا ئەڕژێ..

1.دلاوەر قەرەداغی (وەحشەت).

2.سهراب سپری.

3.دێڕە شعرێکی مەولەویە.

4.سهراب سپری (دەنگی پێی ئاو).

5.بەپێچەوانەوە لە دەقێکی سوهران وەرگیراوە.

6.گۆرانییەکی حەسەنی دەرزییە.

7.سوهرابی سپهری.